ئاسایشی نیشتمانی عێراق دانپێدانانی بکوژی "محەمەد باقر" مەرجەعی شیعەکان بەئاودێکاتەوە



بەیارە ئەمە هەینی، ئاسایشی نیشتمانی عێراق دانپێدانانی بکوژی "محەمەد باقر ئەل-سەدر"، مەرجەعی گەورەی شیعەکان و دامەزرێنەری حیزبی دەعوەی عێراقی و خوشکەکەی بەئاوبکاتەوە.

ئەو بکوژە کە بەرپرسێکی رژێمی پێشووی حزبی بەعس لە عێراق کە ناوی (سەعدون سەبیە)یە، لە هەرەمی کوردستان دەستگیرکراو و گرووپی عەسائیبی ئێهلی حەق دەیبەن: سەرۆک وەزیرانی عێراقمان ئاگادار کردووتەوە زانیاریمان پێداوە، کە بکوژی محەمەد باقر سەدر و خوشکەکەی لە هەرەمی کوردستانە.

هەر ئەمە هەینی، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، دوای تێپەڕبوونی 45 ساڵ دەستگیرکردنی بکوژی محەمەد باقر ئەل-سەدر، مەرجەعی باڵای شیعەکان لە عێراق و خوشکەکەی ڕاگەیاند.

سەرۆکوەزیرانی عێراق لە پۆستێکی لە تێڵی کەمەڵایەتی ئێکس نوسیویەتی: "ئاسایشی نیشتمانی سەلماندیان کە خەبەخشییان بە ئاراستیەکی دروستدا دەڕوات، بە چەسپاندنی یاسا و دنیابوون لەوەی کە کەس ناتوانێت لە سزا ڕزگاری بێت".

سەرۆکوەزیرانی عێراق ئەمە هەینی بەیەکردەتەوە، لەگەڵ بەدیهێنانی دادپەروەری بە دەستگیرکردنی پاشماوەی ژێمی بەعسی سەدامی و بکوژانی شەهید ئایەتوڵا سەید محەمەد باقر سەدر و خوشکەکەی و

کەمەک شەهید لە بنەماڵەی "ئال حەکیم" و هەزاران عێراقی کە لە زیندانەکاندا سەرکوت کران، ئەم جۆرە لەسەر بەدواداچوون و گرتنی تاوانباران دەکەینەوە ئگەر هەرچەندە ماوەیەکی زۆریش هەڵاتوون. هەوڵی دەسزانە بەهەمان گوڕ و تین بەردەوام دەبێت بە کارکردن و هاوڕوونانی هەموو ئەوانەی تاوانیان دژ بە عێراقییەکان ئەنجامداوە، لەهەموو کات و شوێنکدا، ئەمە بەتنی ئەمێ بە گەلەکەمان و هەموو چەوساوەک و شەهیدەک.

محەمەد باقر ئەل-سەدر کێیە...؟

محەمەد باقر ئەل-سەدر لەدایکبووی ساڵی 1935ـە، لەبەری باڵای مەزهەبی شیعەیە و بیرمەندەکی ئیسلامی بووە و بە لەچەک لوبنانییە، هەروەها دامەزرێنەری حیزبی دەعوەی ئیسلامی بووە و تیۆرینەاسانی بیرەکەکانی دادەنرێت.

لە ساڵی 1980 لە سەردەمی دەسەاتی سەدام حوسێن و ئژەمی بەعس، لەلایەن ئژەمی پێشووەوە لەسدارە دراوە بەتەمەتی هاوکاری و سیخوڕی بۆ ئێران.

